# دەلالەتی كردە تیرۆرستیەكان وخەمێك بۆ داهاتوو

مەلا تەحسین شێخانی
shekhanemala@gmail.com



ئەو ڕووداوە تیرۆرستیەی چەند هەفتەی ڕابردوو هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان وشاری مەخموری هەژاند، چەندین ماهییەت ودەلالەتی لەگەڵ خۆی دا دروست كرد، كە دەكرێ بكرێنە بنەمایەك بۆ ڕێگرتن لە دوو بارە نەبوونەوەی كردەیەكی قیزەون ونەخوازراوی لەم جۆرە، ئیدی با بەس بێت لێدوان وبەیاننامە دەركردن، ئەبێ دەزگا ولایەنە بەر پرسەكان بگەڕێن بەدوای لایەنە شاراوەكانی ئەم كردە تیرۆرستیانە، ڕاستە ئەكرێ ڕەهەندو لایەنە سیاسیەكان بەهەند وەربگیرێ، لەوەی عیراق ئێستا مەیدانێكی بەهێزی كردە تیرۆرستیەكانە وكوردستانیش ئارمانجێكی لەبن نەهاتووی تیرۆرستانە، فاكتەری یەكەمیش نزیك بوونەوەی وادەی جێ بەجێ كردنی ماددەی (140)ی دەستوری ئیراقە، ئەگەری ئەوە هەبوو كە كردەوە تیرۆرستیەكان زیاد بكەن؟، وەڵێ دەبێ دەزگا بەرپرسەكان بپرسن ئاخۆ چی وای كردوە پەیوەندی وهاوكاری نەبێ لە نێوان خۆیان وخەڵك؟، بۆچی تاكی ئەم میللەتە بێ موبالاتی نیشان دەدا لەئاست بەرپرسیارەتیە نیشتمانی ونەتەوەییەكان، بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆرستان وەقەی لێوە نایە، ئەمە وچەند پرسیارێكی تر وولاْمەكەی ئاشكراو ڕوونە كە، بەهۆی ئەو گرفتە سیاسی وئابووری كۆمەلاْیەتیانەی ئیمرۆ حزووری هەیە لەكیان وپێكهاتەی كوردستان ئەم حاڵەت هاتۆتە بوون، كاتێ ژیان و پارەو لایەنە خزمەتگوزاریەكان لەئاستی پێویست نەبن، كاتێ گەنجی ئەم وولاْتە هەست بەنامۆ بوون و خامۆكی بكات،؟ چۆن دەتوانێ هاوكار بێ لەگەڵ دەزگاكان؟ كاتێ خەڵك ترسی لە دەزگا بەرپرسە ئیدارییەكان و خوودی ئاسایش بێت، كە عارەبانەكەی لە هەر كاتێك( كە بژێوی ژیانی خۆی منداڵەكانی لەسەرە) ئاسایش تێكی بدا چ متمانەیەك دروست دەبێ لەنێوا نیان، كاتێ تەنها لەسەر چەند گومانێكی بێ بنەما و ڕاست بخرتە زیندان، یاسا لەسەر هەندێ جێ بەجێ بكرێت، كەسانی بەرپرس ودەست ڕۆیشتووش مانایەك بۆ یاسا پارێزی نەزانن، چۆن دەكرێ پشتگیری كردنی ئەم دوولایەنە بێتە حاڵەتێكی واقعی وبەرجەستە كراو لەنێو خەڵك ودەسەلاْت؟ بۆیە بۆ دووبارە نە بوونەوەی كردەیەكی تیرۆرستی لەم جۆرە، بۆ ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەك پارێزەری ئەمن وئاسایش وئارامی هەرێمەكەمان بین، ئەبێ متمانەو بڕوا بەیەك بوون ودۆستایەتی وهاوكاری ڕاستەقینە بگەرێتەوە نێوانمان، ئەبێ دەسەلاْت كار بكات بۆ چارەسەر كردنی لایەنە نادروست و گەندەڵیەكان لەنێو خۆمان دا،